# ئیفلیج

**محەمەد ڕەنجاو**
**(سلێمانی)**

به ناسۆرێکی قووڵەوە قاچێکی مێزەکەی گرت و خۆی ڕاست کردەوە، وەک کوللەیەک کە باڵەکانی لە دەست دابێ، بە گێرە گێڕ و خۆهەڵدان، خۆی گەیاندە دیوارەکە و دەم و چاو و قژە پەرشوبڵاو و ئاڵۆزەکەی نووساندە دیوارەکە، ئەو هەموو تەمەنی نووساندبووە بۆیە پەمەییەکەی سەر گەچی دیوارەکە.

چەند هەنسکێک هەڵبەزو دابەزی بە ملەکەی کرد و وەک هێستریای بەردەوامی ڕۆژانەی توند توند سەری بە دیوارە چیمەنتۆکە دەکێشا:

– ئاخ ژیان تاکەی وەک بەردەکەی سیزیف، وەک چارەنووسی سیزیف، شەڵاڵ بووی خوێن و عەرەقم دەکەی... تاکەی ئازارم دەدەی، تاکەی گیرۆدەی خۆتم دەکەی، گیرۆدەم دەکەی و نە ئەوەیە وەک کۆرپەیەکی نیان بەخۆتم بگری، نە ڕێگەش دەدەی مەرگ بەو دەستە نەوازشانەی خۆیەوە بملاوێنێتەوە.

ئاخر خۆ من سیزیف نیم، بوونەوەرێکم وەک کرمێکی هەڵتۆقیو لە زەوی و حەوشەی دوای بارانەکان، وەک کوللەیەک، وەک هەر شتیکی بێ بایەخ کە سروشت دەیهاڕێ. ئاخر من بیست و دوو ساڵە مردووم.. نا..نا من بیست و دوو ساڵە دەژیم. گۆڕستانی ئەو ژوورە کپە نەبڕایەوە..! نا.. گۆڕستانەکان گەلێک جوانترن لەم ژوورە..

ئەی ناڵێن گۆڕستان لەسەر پێدەشتێکی بەرزە و هەر چوار دەوریشی مەزرا و نەمامی سەوزن، ئەی ناڵێن لەسەر گۆڕەکانیش وەنەوشە سەوز دەبێ و، کێلە قەبرەکانیش لەگەڵ کازیوەی بەیاندا چاوبڕکێ لەگەڵ تیشکی خۆرا دەکەن و سەرەتای بەهارانیش قەوزەیەکی شین کە هەر لە مەخمەر دەچێ، بن کێلانەکان و ڕۆخەکانیان دادەپۆشێ.

قاچەکانی لە پەلوپۆ کەوتن و مەچەکی دەستەکانی سڕ ببوون، سەری لە گێژەوە هات و کەوتەوە سەر کورسییەکە و ئینجانەی گوڵە نایلۆنەکانی بەسەردا کەوت. کە چاوی هەڵبڕی، هەموو جەستە کەنەفت و شینە هەڵگەڕاوەکەی لە ئاوێنە گەورەکەی بەردەمیدا دەرکەوت، یەکسەر گۆڕستانەکەی کەوتەوە یاد، ئەو گۆڕستانەی کە ئامە بەردەوام بۆی باس دەکرد و نەزیرەش خەونی پێوە دەبینی، بەڵام گۆڕستانەکەی ئەو، لە فەزای کراوە و نەشئەی بەختەوەری و شەبەقی جوانیدا، نەدەگەیشتە گۆڕستانە مەزنەکە، بۆیە ئەو وەک خۆ لەبیرکردن، وەک خۆ هەڵخەڵەتاندن، سەر کورسی و مێزەکەی ژوورەکەی بە پێدەشتەکە چواند و، ئینجانەی گوڵە نایلۆنەکانیشی بە وەنەوشەی سەر گۆڕەکان و ئاوێنەکەشی کە هەمیشە ڕەنگدانەوەی جەستە تێکشکاوەکەی ئەو بوو، بەتیشکی خۆر. بۆیە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە ئاوازێکی پڕ لە ناسۆر و غەمگینەوە وتی:



– ئای چەندم خۆش دەوێی گۆڕستانە پیرۆزەکە
ئای چەندم ڕق لێتە گۆڕستانە کپەکەی
ژوورە بۆگەنەکەم

*　*　*

وەک پڵنگێکی کەلاکەوتووی زامدار سەری خستە سەر بالیفەکەی، خەوی نەهات، ویستی لە ناو قوڵپی گریانێکی سەختدا پێبکەنێ، بەڵام نەیتوانی، چونکە ئەو وەک زەلیلێکی پەککەوتە خۆی دەهاتە بەرچاوان و هەستی بەوە دەکرد، هەموو زەمین، خوا و چارەنووس، بەو پێدەکەنێ، ئەو بۆتە تۆپەڵەیەک ئازار و هەر جارەی بۆ لایەک غلۆر دەبێتەوە.

بۆیە وەک بوونی خۆی و توانای خۆی تاقی بکاتەوە شێتانە هاواری لە کارەکەرەکەیان کرد..

– ئامە، ئاو... ئامە، میوە و چای و کاسێتەکان... ئامە ئالۆشی حەزە پیرۆزەکان.

ئامە بە شپرزەییەکەوە خۆی کرد بە ژوورا، نەزیرە تێی ڕاما، ڕقی لە کەمەر و باڵا سرکەکەی بۆوە، ڕقی لە ڕۆیشتنەکەی بۆوە، چاوەکانی وەک پشیلە مێینەیەک تێبڕی و، وەک شێت دایە قاقای پێکەنین:

– ڕاستە پەککەوتەم و ناتوانم بستە ڕێیەک هەنگاو بنێم، ڕاستە دەستەمۆی قەدەر و زەلیلی ئەو ژوورە چارەگرانەم، بەڵام لە توانامدا هەیە مرۆڤی بەتوانا و شۆخ بێنمە ژێر بار، ئێستا من سەروەری مرۆڤە ساغ و دلاراکانم.. برۆ مەوەستە، لەپێشا میوەکە بێنە.

وەک سەرەڕۆیەکی زامدار، گازێکی توندی لە سێوەکە گرت و بە پەلەش لەسەر سینییەکەی دانایەوە، بە قووڵی لە سێوەکان ورد بۆوە، بیری لەو ڕەوە کیژ و کوڕانە کردەوە کە ئەم سێوانەیان چنیوە:

– ئەوانە ئازادن، ئەمانە وەک گەڤەی با بە دۆڵ و نساری باغی سێواندا شۆڕبوونەتەوە، وەک شەپۆل بەناو سێوستانەکاندا خزیون، دەشێ کوڕەکان ئازاری کچەکانیان دابێ، بە گازگرتن ختووکەی لێو و مل و مەمکە قنجەکانیان دابێ، چەند خۆشە ئەم جۆرە ئازارەی لەو ختووکانەوە دێن، دەشێ چاو شارکێشیان لە پەناو پەسیوی باغەکەدا کردبێ، ئەشێ ئاونگی بەیانییان لەسەر گەڵای دارسێوەکان هەڵمژیبێ، ئەشێ وردە ماچ، گەردنی بە عەرەق شەڵاڵ بووی کچەکانی سڕبێتەوە، ئەشێ باڵندەکانیش نرکە و نووزەی گەمەکانی چاو شارکێیان تۆمار کردبێ، ئەشێ.. ئەشێ.. هەموو شتێ ئەشێ، بەڵام ئەوەی ناشێ تەنیا بەردەوامبوونە لەژیان لەناو ئەم دۆزەخی ژوورەدا.

تفێکی توندی کردە ژوورەکە و دیسانەوە وەک کۆست کەوتوویەک، بە دیواری ژوورەکەدا هەڵزنایەوە، هەنسکی قووڵی بە گوێی ژوورەکەدا، دەچرپاند، دەکەوت و ڕاست دەبۆوە، دیسانەوە دەکەوتەوە.

چاوێکی بە ژوورەکەدا دەگێڕایەوە..

ئێنجانەیەک و دوو کورسی و مێزێک، سێتێک نوێنی ڕازاوە، ئاوێنەیەکی گەورە و ڕێکۆردێک و تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆیەک، ئامێرێکی تەلەفۆن و کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێب کە تەنیا شیعر و چیرۆک و شانۆ و ڕۆمانی بەخۆوە گرتبوو.

*　*　*

قێزی لە هەموو شتەکانی دەبۆوە، بە ڕقەوە تەماشای گڵۆپەکانی دەکرد.

لە پڕ کەوتە ماچکردنی دار و دیواری ژوورەکەی:

– تەنیا کەرەسەکانی ئەم ژوورە دۆستی ڕاستەقینەی منن، من ئاشنای کپیی ئەو ژوورەم، ئەم جیهانە بچکۆلانەیەی من کە درێژییەکی سێ مەتر و پانی دوو مەترە، ئولفەت و ژیان و هاوەڵی ڕۆژانی تەمەنی با بردوومە، من چ پێوەندییەکم بە ژیانی دەرەوە هەیە، مرۆڤ زۆر جار ئازار و قەفەسی ژوورە تەنگەکان بە سەریدا دەسەپێن، بەڵام ناچارە قبووڵیان بکا.

خودی ژیان و بوون زادەی ناچارییەکی گەورەن، ناچاری، ناچاری لە بوونی مندا، سەرەتاتکێ لەگەڵ مەرگ و ژیانمدا دەکا. لە وەتەی هەم ژوورێکی پڕ لە هاشوهووشی منداڵێتی و ژوورێکی بچووکتری سەردەمی هەرزەیی و، ئەم ژوورە لە چارەی بوونی مندا سەریان هەڵداوە، بوونی مرۆڤێکی گیر و شەپلەلێدراو، چیتری پێ ڕەوا دەبینرێ جگە لەم ژوورە...!

خۆ چارەنووسی پڕ لە بەختەوەری کچە قەرەج و گەڕۆک و تیاترۆکانی نیوەشەو و یاخی و شەلاتییەکانی سەرجادە، بە هەموو کەس ڕەوا نابینرێ..!

ئەفسووس بۆ ژیانی پڕ لە کەیف و سەفای ئەو قەرەج و دۆمانەی، هەر ڕۆژەی لە پەنا بەرد و نسارێکا ڕەشماڵەکانیان دەخەن، ئاخ بۆ ئەو کچە مەردانەی هەر ڕۆژە لە پەنا و پەسیوێکدا خۆ وەبن کوڕان دەدەن..

خۆزگەم بەو سەگە وێڵ و بەرەڵایانە کە شەوانە ئازادانە پەلاماری قاچ و قولی ڕێبواران دەدەن و سەر بە تەنەکەی زبڵی ماڵاندا دەکەن بۆ قرتاندنی پارچە ئێسکێک، خۆزگەم بە هەموو شتێ تەنها بەو ژوورە نەبێ کە هەر لە دارەمەیتێکی ڕازاوە دەچێ.

دیسانەوە تفێکی خەستی لە ئاوێنەکەی بەردەمی کرد و وەک شێرێکی بە داو کەوتوو نەڕاندی..

ئامە وەرە ئەو تەلەفۆنەم بدەیە...، مەچەکی

تەلەفۆنەکەی گرت، ویستی بەهۆی ئەو ئامێرە بێ گیانەوە پێوەندی خۆی بە جیهانی دەرەوە ببەستێتەوە، بەڵام کوان هاوڕێ و دۆست و ئاشناکانی!

تەنیا چەند کەسانێکی کەم لەو خزم و ناسیاوانەی دەوروبەر و خاوەن یەک دوو کتێبخانەی شار، کە ئەوانیشی تەنیا لە ڕێی پێوەندی تەلەفۆنەوە دەناسی. هەر چۆنێ بوو، ویستی بۆ چەند چرکەیەک خۆی لە واقیعی ژوورە کپەکەی ڕزگار کات، چەند ژمارەیەکی بادا و خاوەنی کتێبخانەکە وەڵامی دایەوە نەیزانی چی بڵێ، قسەیەکی نەبوو بۆ وتن، بۆ ئەوەی ببێتە کلیلی باسێک، ناچار بە داواکردن و پرسین لە کتێبێکی تازە، کلیلی باسێکی دەستەبەر کرد، بەڵام ئەمەش کاتێکی هێندەی نەدەویست و کەوتەوە ناو گۆمی ژوورە مەنگەکەی؛ دیسانەوە چاوەکانی لێک نا، بانگی ئامەی کردەوە، هەڵسایەوە، دانیشتەوە، گریا و پێکەنی.

* * *

لە دەرەوە سەدا و هەرا و هۆریای منداڵە لاسار و چەقاوە سووەکانی گەڕەکی بیست، دەتوت دەنگ و نووزەی ئەو ئاسکە کێوییانەن کە لە چێشتەنگاوی بەهارێکا بە بناری چیایەکی دوورە دەستا بە دوای یەکتریدا ڕادەکەن و خۆیان لە قەرسیلان دەگەوزێنن، زەڕە زەڕی کەرە بۆزی نەوت فرۆشەکەشی بیست کە لەگەڵ قووقەی کەڵەشێرەکەی سەربانەکەیان تێکەڵ دەبوو..

خۆی نووساندەوە بە دیوارەکەدا و بە خشکە و گینگڵدان تا بەردەرکی پەنجەرەکە خۆی خزاند و ڕوانیە دەرەوە، تیشکی خۆر وەک پەردەی سووری بووکێنی ڕوخساری دەرەوەی داپۆشیبوو، شەماڵێکی هێمنیش یاری بە گەڵاو لق و درزی دامێنی تەندوورەی کچان دەکرد، شوڕەبییەکانی (کانیە شێخە)ش بەدەم شەکانەوە و هەناسەی باوە، سمت و ڕان و عەورەتی ئەو ژنانەی وەدەردەخست کە بۆ دەستنوێژ گرتن خۆیان لەناودا حەشاردابوو. ڕووبارە بچکۆلانەکەی داوێنی گردی (حوسنیش)، خوێنی بەهاری تێزابوو، گەورەتر خۆی دەنواند، کەف و کوڵی قەڵبەزەکانی، سیمفۆنیای حەوتەمی بیر دەخستەوە، کە ئەو ئێواران گوێی لێ دەگرت، لەو بەریشەوە لە دامێنی گۆڕستانی (سەیدە غەریبە)وە نەسرینی بینی چاوبڕکێ لەگەڵ کوڕێکی کاکۆڵ درێژی باریکەڵەدا دەکا و جار جارەش هێمایەک بۆ یەکتری دەکەن.تاوێ لەو دەوروبەرە ڕاما کە هەر وەک سیحر دەهاتنە بەرچاوی، بۆیە لە پڕ تفێکی کردە هەتاو و ساماڵ و هەموو ئەو شتە جوانانەی دیتبوونی ماخۆلیای حەزێکی شێتانە لەسەری دا. ئەم جیهانە تایبەتیەی ئەو، هیچ پێوەندییەکی بە جیهانی دەرەوە نەبوو، ئەم لە دنیایەکدا دەژیا و هەموو زەمین و مرۆڤایەتیش لە دنیایەکی تردا دەخولانەوە.

دیسانەوە پەنای بردەوە بەر کتێبخانەکەی، خۆی بە پاڵەوانی هەموو چیرۆکەکان دەزانی، بەڵام ئەوەی زۆر لە ژیان و چارەنووسەکەی ئەوەوە نزیک بوو چیرۆکەکەی فرانتس کافکا بوو. (شێواندن)ی دەیان جار خوێندبووەوە، ئەمجارەش هەڵی گرتەوە و توند لە ئامێزی گرت، پاڵەوانی شێواندن وەک ئەو کەلاکەوتووی ژوورەکەیە، ئەویش وەک کوللەیەک دەڕوانێتە خۆی، بەڵام ئەم بیرکردنەوانە نەزیرەیان تووشی هێستریایەکی تر کرد و لە پڕ کتێبەکەی فڕێدا و وتی... نا من شێرە کوللەم.

– نا ئەوەتا ئەو توانی لە مرۆڤ بشۆرێ و ببێتە کوللەیەک، بەڵام من لەم ژوورەدا کوللەیەکیش نیم، من بوونم بەستراوەتەوە بە نەبوونمەوە، ئەو پاڵەوانێکە دەتوانێ خۆی بکوژێ، خۆی لە سەربانێک بەربداتەوە و هەپروون بە هەپروونیش ببێت، من توانای ئەوەشم نییە، من ناتوانم بگەمە سەربانی کۆشکەکەی خۆمان، پەنجەرەی ژوورەکەش ئاسنڕێژ و تەلڕێژ کراوە.

– ئاخ تاکەی لە ناو ئەو قەفەزەدا دەمێنمەوە، ئاخ بۆ دوو قاچ و لەشێکی ساغ، تا بمکاتە خاوەنی مەرگی خۆم، ئەمەی وت و دوو جار سەری خۆی بە دیوارەکەدا کێشا و ناڵەیەکی سەیر لە سینگە خرپنەکەی هەڵسا، هەستی کرد هێڵنجی دێت، چاوەکانی تارماییەکی خەستیان بەسەرا کشابوو، هەموو لەشی وەکو کوورە دایسا، ئاڵۆشەکان گینگڵ و تەپڵی تەپانێیان پێدەدا، حەزیشی نەدەکرد کەس بەو خووە تایبەتییانە بزانێ، دەیەویست ببێتە خاوەنی خۆی، ئەوەی ئەوی بە جیهانی دەرەوە دەبەستەوە تەنیا ئامە و ئامێری تەلەفۆنەکە بوو، ڕۆژی دەیان جاریش تفی دەکردە تەلەفۆنەکە و نەفرەتیشی بۆ ئامە دەنارد.

* * *

پەرداخێک شەربەت و شیرێکی خەستی فڕ کرد. لەسەر نوێنە ڕازاوەکەی ڕاکشا، ئاڵۆشی حەزێک مووچڕکەیەکی بەلەزەتی بە دەمارە هەستەوەرەکانیدا هێنا، ئەو کاسێتەی خستە ناو ڤیدیۆکەوە کە ئامە بەشەرمەوە بۆی خواستبوو، بیرێکی قووڵی لە ڕۆژانی ڕابردوو کردەوە ئەو ساتانەی مامۆستا کاکۆڵ درێژەکە لەماڵەوە و لە ژوورەکەی تەنیشتیدا وانەکانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی فێر دەکرد، ئەو باڵاو مەچەکانەی هاتنەوە یاد کە سەعاتە زیوینەکەی بەو مووە ڕەشانە دادەپۆشی، پرچە خاوەکەی نەزیرە ئێستاش بۆنی هەناسەکانی مامۆستا شەریفی

بەرنەدابوو.

نەزیرە توند بالیفەکەی خستە کۆشیەوە و ڕانە لەرزۆکەکانی بە ماندووبوونێکی زۆرەوە جووت کرد، لێوەکانی دەلەرزین، دەستی دەلەرزی، نەرمایی گوێکانی دەلەرزین، بە هەناسە بڕکێیەکی زۆرەوە دووجار خۆی هێناو برد، وەک نەهەنگێکی زامدار کەوتە ڕۆخی بالیفەکەی، لە پڕ تفێکی کردە ناو گەڵی و بە قێزەوە ڕوانییە ڕووداوە بەتام و لەزەتەکانی گوناهەکە و، بانگی ئامەی کرد، دەرپێ و ستیانێکی تری بۆ بێنێ.

ئەو ڕقی لە هەموو حەزێک دەبۆوە، بەڵام برسێتی گەدە و ئالۆشی حەزە پیرۆزەکان، ملکەچی ڕووداوەکانیان دەکرد. زۆرجار حەزی دەکرد لە مووچڕکەیەکدا بتوێتەوە، هەمیشە گۆڤارەکانی سێکس و فیلمە ئالۆش هێنەکانی لە هەناویا گرێدەدا، سەری هەموو تەنگوچەڵەمەکانی بە خەونی ڕاوە جرج و ئالۆشی ساتە پیرۆزەکان دەبەستەوە، لەدوای موچڕکەکانیش خەمێکی قورستر لەشی دادەڕماند، هەستی بە گێژبوون و هێڵنجدان دەکرد، لە دواییشدا بۆ تاوێ سەرخەوێکی پڕ لە ئازار و کەنەفتی دەشکاند.

کە ئامە هاتە ژوورەوە، وەک نەهەنگێکی پێکراوی ڕۆخی دەریایەک، کە لە تەنیشت بالیفەکەی پاڵ کەوتبوو لەشە قورسەکەی چۆکیان پێدادابوو، کاتێ نەزیرە لینگە پەککەوتووەکانی جووڵاند، ئامە هەستی پێکرد و لە مەبەستەکەی گەیشت و بە هێمنی و ترسێکەوە فوستانە تەنکەکەی هەڵدایەوە و دەرپێ لینجەکەی لەبەر داماڵی و بەکلینکسیش سەرووی ڕانەکانی وشک کردەوە و دەرپێیەکی تری لە پێ کرد.

تا ئێوارە خەوت، وەک ئەوەی لە نوستنا خۆی بۆ نوستنێکی ئەبەدی ئامادە بکا، هێمن و بێ خورپە ڕاکشا.

لەگەڵ زەنگی تەلەفۆنەکە ڕابوو..

ئامە ئامێری تەلەفۆنەکەی دایە، خاوەنی کتێبخانەکە بوو.

– کتێبێکی تازەی شیعر هاتووە، هی شاعیری ڕووسی (یەسەنین)ە

– دەبوو هەر ئەوساتە پێی بگا، درامای مەرگ و ژیانی یەسەنینی لە زۆر نووسیندا خوێندبۆوە، دەبوو هەر ئەو ساتە پێی بگا، بۆیە هێندەی نەبرد، کتێبەکە لەزەرفێکی قاوەییدا گەیشتە ئەو... لەسەر گازەرەی پشت ڕاکشا، دوا سیمفۆنیای گوێ کەرەکانی بیتهۆڤنی خستە ناو ڕێکوردەکەوە، کۆمەڵە شیعرێکی سەرشێتانەی یەسەنینی خوێندەوە، هەمووی یاخیبوون و پەشیمان بوونەوە و ناڕازی بوون بوو، گەورەیی مرۆڤ و سەرلێشێواو شەلاتی..

وشەی شەلاتی چەندان شیعری یەسەنینی سیخناخ کردبوو، ئەو شیعرەشی خوێندەوە کە یەسەنین پێش خۆ کوشتنەکەی بەخوێنی مەچەکی خۆی نووسیبووی:

– مردن شتێکی نوێ نییە لە ژیانا
بەڵام ژیانیش لەو نوێتر نییە–

لە پڕ کتێبەکەی فڕێ دا و تفێکی لە گڵۆپە کزەکە کرد کە تا ئەو ساتە لەبەر ڕووناکی دەرەوە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی وەرنەگرتبوو.

چۆوە بەر پەنجەرەکە، خۆر کەمێ داکشابوو لە باوەشی چیاکە سەرەتاتکێی ماڵئاوایی بوو، باڵندەکان هەریەکە و لەتە نانێ، کرمێکی بچووکیان بە دەنووکەکانیان، هەڵگرتبوو بەرەو هێلانەکانیان دەگەڕانەوە، لە کۆڵانەکانەوە ئەو حەماڵانەی بەدی دەکرد کە کۆپانەکانیان بەلایەکی شانیانا دادابوو بەدەستەکەی تر پاشماوەی میوەی بەقاڵەکانیان بۆ منداڵەکانیان دەبردەوە. ئەو پیرەژنانەشی بینی کە دوای کاری ماڵە خواپێداوەکان بەدەموچاوی ئازار لێنیشتووەوە هەریەکەی سینیەکی قەبەیان خستبووە سەریان بەرەو ماڵەکانیان غلۆر دەبوونەوە. نەزیرە هەموو ئەوانەی بینی.. ئەو مەرگ زلانەشی بینی کە لە ئوتۆمبێلە کەشخەکانیانەوە دەردەپەڕینە دەرێ و بە کەشو فشێکەوە دەرگای ئوتۆمبێلەکانیان لێدەکردەوە، ئەم ژیانە جەنجاڵ و سەمەرەیە هیچ پێوەندییەکی بەمەوە نەبوو، ئەو لەسەرووی واقیع و کێشەکانەوە بوو، ئەو جیهانێک بوو تایبەت بەخۆی، ئەو و مرۆڤ، ئەو و کۆمەڵ، هیچ شتێ بە یەکەوە کۆی نەدەکردنەوە.

نەزیرە تاشە بەردێکی غلۆربووەوە بوو لە قووڵایی خەرەندێکا گیرسابۆوە، گێژاوی زەمانە، ڕەشەبا و تۆفان یارییان بە چارەنووسی دەکرد.

لەپڕ بانگی ئامەی کرد.

ئەمشەو دەمەوێ لە سەربانەکە بنووم، چاو ببڕمە ئەستێرەکان، بگەمە قووڵایی ئاسمانەکان...

ئامە ئەم هەواڵەی گەیاندە دایکی نەزیرە، دوای گێرمە و کێشەیەکی زۆر، ڕاکەی بەسەرا سەپاندن. بە کۆڵی ئامە، بە پلیکانەکاندا سەرکەوت لە قەراغی ڕۆخی سەربانە کۆنکرێتەکە لە نزیک باڵکۆنەکە قەرەوێڵەکەیان دانا.

لەسەر جێگاکەی ڕاکشا، تازە خۆر ماڵئاوایی لەدوا لوتکەی چیای (ئاسۆس) کردبوو، سوورێکی پەمەیی کاڵ لەو دیو چیاکەوە ئاسمانی شینی داپۆشیبوو، بۆ

ماوەیەک وەنەوز بردیەوە، کە چاوەکانی کردەوە ئاسمان باوەشێک ئەستێرەی بەخۆوە گرتبوو، شنەبایەکی فێنکیش، یاری بە پرچە خاوەکەی دەکرد، پرچەکانی هێندەی تر ئاڵۆز ببوون، نەزیرە ورتەی لە خۆی بریبوو، وەک چاوەڕوانی قەدەرێکی مەترسیدار بکا، چاوەکانی بریبووە ئەستێرەکان، جار جارەش سەری شۆڕ دەکردەوە و دەیڕوانیە لاکۆڵانەکەی خوارەوە، وەک گۆڕی خۆی لەو کۆڵانەدا دیاری بکات. سەرێکی بەسەر باڵکۆنەکەدا شۆڕ کردەوە و تفێکی هەڵدایە قووڵایی کۆڵانەکە، ماوەیەکی پێچوو تا لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکە و لەولای عەمودی کارەباکە کەوتە خوار، چاوەکانی ڕەشکەوپێشکەیان دەکرد، بە قووڵی دەیڕوانیە تروسکایی گڵۆپەکان، گڵۆپە زۆر دوورەکان، هۆڕنی ئوتۆمبێلەکانی سەر جادە، حەزی فڕینێکیان لە نەزیرەدا دەڕسکاند.

بە هەموو شاردا دەیڕوانی وەک ماڵئاوایی لە شارێک بکا، بۆ یەکەمین جار و دواجارە بەو شێوەیە دەیبینێ و ویستی خۆی ڕاست کاتەوە، بەڵام لەسەر قەرەوێڵەکەی کەوتە خوار و ئامە بە پرتاو باوەشی لێدا و خستیەوە سەر جێگاکەی.

ئەم کەوتنە هێندەی دی ناوەوەی دارماند، هەستی کرد مرۆڤێکە بێ بایەخ ناتوانێ بۆ چرکەیەکیش خۆی بە پێوە ڕابگرێ، بوونی ئەو هیچی نەدەگەیاند، حەزی دەکرد هەموو شتێ بووایە مرۆڤ نەبێ، بەخیلی بەو سەگانە دەبرد کە بەکۆڵانەکاندا وێڵ ببوون و سەریان بەسەر تەنەکە زبڵەکاندا شۆڕ دەکردەوە، بەخیلی بە زەڕە زەڕی کەرەکان دەبرد، بەو منداڵە پێخواس و سواڵکەرانەش کە چنگێ عانەیان لە مشتیانا گرمۆڵە کردبوو بە هەڵەداوان غاریان دەدا، بێ مەبەست غاریان دەدا.

ئەمانەی هەموو بە شایانی ژیان دەزانین، بەڵام خۆی شیاوی ژیان نەبوو، حەزیشی نەدەکرد بمرێ و دوو مەتر زەوی مرۆڤەکان بە گۆڕەکەی داگیر بکات.

– ئەم زەوییە هی ئەوانەیە کە مرۆڤن، من مرۆڤ نیم کەلوپەلێکی پەککەوتە و بێ کەڵکم، بۆیە حەز ناکەم بشمرم، با کەمێ لەو زەوییە داگیر نەکەم کە هەقە مرۆڤەکان ئینجانەی گوڵێکی لەسەر دانێن- دیسانەوە چاوی بڕیبیەوە ئەستێرەکان ئەستێرەی گەش گەش، جربوەیان وە ئاسمانی شین خستبوو، گوڵە ئەستێرەکان وەک برووسکە ئاسمانیان شەق دەکرد، ئەستێرەکان پۆل پۆل بوون، ئەستێرەکان تاک و تەرا بوون، ئەستێرەکان دەتریقانەوە.

لە دوورەوە... زۆر لە دوورەوە، هەر زۆر زۆر لە دوورەوە، ئەستێرەیەکی کزی بەدی کرد، ئەو ئەستێرە درەوشاوەکانی بەهی خۆی نەدەزانین.

بیری کردەوە.. کەمێ ڕاما و بە قووڵی لە ئەستێرە کزەکە وردبۆوە.

– ئەڵێن هەموو مرۆڤێ ئەستێرەی خۆی هەیە، کە مرۆڤێ دەمرێ ئەستێرەکەشی بەردەبێتەوە، تۆ بڵێی ئەو ئەستێرە کزەش کە هیچ مانایەکی نییە لەو سەرەوە هی من نەبێ؟، ئەوە نییە ئەویش دابڕاو و غەمگین و کەلەلا کەوتووە..

– ئاخ ئەستێرە غەمگینەکەم، ئێستا تۆ بەزەییت بە منا دێتەوە، یا من بەزەییم بەتۆدا بێتەوە؟!

– ئاخ چەند بەختەوەرم کە تۆ دەبینم، خۆزگە ژیانم هەمووی لەو سەربانە بووایە، تا بەردەوام دڵداریمان بەیەکەوە بکردایە، تۆ تاکە هاوڕێمی لە ژیاندا، بەڵام مخابن درەنگ یەکتریمان ناسی، کاتێ یەکتریمان ناسی، دەمێ بوو زەنگی ماڵئاوایی لێی دابوو، بەردەوام چاوی دەبڕییە ئەستێرەکە، بە چاوی مولەقەوە، زۆر بەوردی سەرنجی دەدایە، لەپاڵ هەموو ئەستێرە درەوشاوەکاندا، تەنیا ئەو ئەستێرە دوورەدەست و لاواز و بە پەراوێزکراوە سەرنجی ئەوی ڕاکێشابوو، ئەو تەنیا ئەم ئەستێرەیەی دەبینی.

لە پڕ ئەستێرەکە کشاو وەک پرووشە بەفرێکی وێڵ وەربییە سەر زەوی و لە چاوان ون بوو.

نەزیرە چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و دایە پرمەی گریان و هەنسکەکانی گیانی بوومەلەرزەیەکیان لەناوەوەدا دروست کرد، گریان و هاوارێکی نادیار بانگی شێتبوونی بە گوێی دایک و باوکی و ئامەی خزمەتکاریاندا دا، هەرچی هێزی تیابوو لە هاوارێکا بەکاری هێنا.

– ئاخ ئەستێرە غەمگینەکەم، ئەوا تۆش بێ ماڵئاوایی خەریکە جێم دێڵی، نا..نا، بووەستە، ئەوا منیش هاتم، با بەیەکەوە درزی خاکێکی سووتەمەرۆ وەدۆزین و بۆ هەتا هەتایە خۆمانی تیا حەشاردەین، با لەم زەویەدا بەیەکەوە بمرین.

کاتێ ئامە و دایک و باوکی چاویان بڕیە نەزیرە، ئەو توند توند چنگە لاوازەکەی لەباڵکۆنی بەردەمی گیرکردبوو، بە شەلە شەل و خۆڕاکێشانێکی سەیر، خۆی هەڵدا و لە کۆڵانەکەوە ترپەی لاشە بابردەڵەکەی نەزیرە بەر گوێی مرۆڤ و داڵاشەکان کەوت.